# سەرەنجامی ڕژدی و چاوچنۆکی وماڵ نەبەخشین

﴿ عاقبة البخل وعدم الإنفاق ﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]


سومەیە عەبدوللە ( دایکی خالید )

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز



2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ عاقبة البخل وعدم الإنفاق ﴾

« باللغة الكردية »

سمية عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# سەرەنجامی ڕژدی و چاوچنۆکی وماڵ نەبەخشین

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری کاربەجێ و باڵادەست، درود ورەحمەتی فراوان ونەپراوەش بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام وئەهل وبەیت وهاوەڵان و سەرجەم شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

خوای گەورە لەزۆربەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا باوەڕداران هاندەدات کە لەپێناوی زاتی هەق تەعالای ئەودا ماڵ و سامانیان ببەخشن ودەست نوقاو ورەزیل و پیسکە نەبن و یارمەتی هەژاران و لێقەوماوان بدەن وبە بەخشینی ماڵ وسامانیان خۆیان لە دۆزەخ بپارێزن و بەهەشتی نەپراوەی پێ بەدەستبهێنن، وەك دەفەرموێت : (وَأَنْفِقُوا مِنْ مَا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُنْ مِنَ الصَّالِحِينَ) {المنافقون:10} واتە : ببەخشن لەوەی کە خوای گەورە ڕۆزی پێداون، پێش ئەوەی مردن یەخەتان بگرێت وئەوجا بڵێن ئەی پەروەردگارم ئەگەر مردنت دوابخستمایە بۆ کاتێکی تری نزیك، ئەو کاتە لەپێناو تۆدا دەمبەخشی و لەکەسە چاك وصالحەکان دەبووم .

لەجێگایەکی تردا باوەڕداران فێری ئەوە دەکات کە خۆیان لە ڕژدی و ڕەزیلی بپاریزن، چونکە ڕەزیلی و ڕژدی دەبێتە مایەی تیاچوون و خۆپاراستنیش لێیان دەبێتە مایەی سەرفرازی و ڕزگاری لە ڕۆژی دواییدا وەك دەفەرموێت : (وَأَنْفِقُوا خَيْرًا لِأَنْفُسِكُمْ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) {التغابن:26} واتە : ببەخشن لەپێناو خوادا چونکە بەخشین چاکترە بۆخۆتان، جا هەرکەس دەروونی خۆی بپارێزێت لە ڕژدی و پیسکەیی ورەزیلی بێگومان ئەوانە ئەو کەسانەن کە ڕزگاریان بووە لە پاشەڕۆژدا .

پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) باوەڕداران هاندەدات کە خۆیان ڕابهێنن لەسەر خێر وصەدەقەکردن و خۆیان بپارێزن پێی لە ئاگری دۆزەخ وەك فەرموویەتی ": إتقوا النار ولو بشق تمرة" {متفق عليه} واتە خۆتان بپارێزن لە ئاگر ئەگەر بەبەخشینی لەتە خورمایەکیش بێت .

ئەمانەو چەندین ئایەت و فەرموودەی تر ئەوەمان فێردەکەن کە دەبێت هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابین ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بهێنین، ئەویش بە بەخشینی ماڵ و سامان و داراییمان تاوەکو بەیارمەتی خودا لە نەهامەتی و نارەحەتیەکانی ڕۆژی دوایی و دۆزەخ ڕزگارمان ببێت و پەروەردگارمان بمانخاتە بەهەشتی هەتا هەتاییەوە،

كە بێگومان سەرفرازی وسەركەوتنی راستەقینە هەرە ئەوەیە، بەڵام بەداخەوە كەسانێك هەن وادەزانن ئەگەر لەماڵ و سامانەكەیان بەخشن ئەوە لێی كەم دەبێتەوە، بۆیە هەمیشە هەوڵدەدەن چاوی هەژاران و نەدارانی لی دووربخەنەوە، ئاگاشیان لەوە نیە، بەخشین و دەركردنی زەكاتی ماڵ سامانی پێ كەم نابێتەوە، وەك پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) لەفەرموودەیەكدا ئەم ڕاستیەمان بۆ دەخاتە ڕوو و دەفەرموێت :"ما نقصت صدقة من مال" {رواه مسلم} واتە : صەدەقە و ماڵ بەخشین لەماڵ كەم ناكەنەوە، بەڵكو زیاد دەكات و خوای گەورە بەرەكەتی تێ دەخات، وەك لەفەرموودەیەكی تردا فەرموویەتی : "ما من يوم يصبح العباد فيه إلا ملكان ينزلان فيقول أحدهما: اللهم أعط منفقاً خلفاً ويقول الآخر اللهم أعط ممسكاً تلفاً " {متفق عليه} واتە : هەر ڕۆژێك كە بەندەكانی خودا ڕۆژ دەكەنەوە، دوو فریشتە دادەبەزن یەكێكیان دەڵێت : ئەی خوایە ئەوەی لەپێناو تۆدا دەبەخشێت جێگاكەی پڕ پربكەرەوە، ئەوی دیكەشیان ئەڵێت : ئەی خودایە ئەوەشی نابەخشێت و دەیگرێتەوە ماڵەكەی تیابچوێنە .

خوداش لەقورئانی پیرۆزدا ئەم ڕاستیە دووپات دەكاتەوە و دەفەرموێت : (وَمَا أَنفَقْتُم مِّن شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ) {سبأ:39} واتە : ئەوەی دەیبەخشن لەپێناو پەروەردگاردا خوای گەورە جێگاكەیتان بۆ پڕ دەكاتەوە، بێگومان ئەو چاكترین ڕۆزیدەرێكە.

لەبارەی سەرەنجامی خراپی پیسكەیی ورەزیلی وماڵ نەبەخشینیشەوە لەقورئانی پیرۆزدا پەروەردگار چیرۆكی زۆری بۆ باوەڕداران گێڕاوەتەوە، لەو چیرۆكانەش چیرۆكێكە لەئایەتی (17 هەتا ئایەتی 33) ی سورەتی"القلم" دا هاتووە كە لێوان لێوە لە پەند وئامۆژگاری بۆمان، وەك فەرموویەتی : (إِنَّا بَلَوْنَاهُمْ كَمَا بَلَوْنَا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ) واتە : ئێمە قورەیش و بێ باوەڕانی شاری مەككەمان تاقیكردەوە هەروەك تاقیكردنەوەی خاوەن باخ و بێستان وموڵكەكان، كاتێك سوێندیان خوارد كە سبەینێ زوو بچن بەروبوومەكەی لێ بكەنەوە پێش ئەوەی هەژاران بگەنە لایان .

پاش ئەوەی خوای گەورە بەناردنی پێغەمبەرێك لەخۆیان نیعمەتی ڕژاند بەسەر قورەیش و خەڵكی مەككەدا كەچی لەگەڵ ئەوەدا باوەڕیان پێ نەكرد و بەدرۆیان خستەوە ودژایەتیشیان كرد، پەروەردگاریش بە نەداری و هەژاری و كەم بارانی تاقی كردنەوە بەڵكو بگەڕێنەوە بۆلای پەرروەردگاریان و واز لە شیرك و هاوەڵ پەیداكردن بهێنن، كەچی ئەوەیان كرد وخوداش نارەحەتیەكانیانی زیاد كرد وزۆرێكیانی هەر لەدونیادا تووشی سزای سەخت كرد .

ئەو خاوەن باخ و بێستانانەش وا بەدیار دەکەوێت کە قورەیش و خەڵکی مەککە ئاگایان لەبەسەرهاتیان بووە، کە پێشتر ئەم خاوەن باخانە هەموویان کوڕی پیاوێکی خواناس و دەستگوشاد و خێرۆمەند بوون کە هەمیشە یارمەتی هەژاران و لێقەوماوانی دەدا، بەتایبەتی لەکاتی بەروبووم هەڵگرتندا، بەڵام کاتێك کە باوکیان وەفاتی کرد، ئەمان ڕێگا پێی باوکیان هەڵنەگرت و بەشوێن ئەودا نەچوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەسانێکی ڕەزیل و ڕژد و پیسکە وچاوچنۆك بوون، هەروەك پاشتر لە بارەیانەوە دەفەرموێت :(وَلَا يَسْتَثْنُونَ) واتە : پاش ئەوەی سوێندیان خوارد کە سبەینێ پرۆن وزوو بەروبوومەکەی لێبکەنەوە ووتیشیان کە هیچی بۆ هەژاران لی جوودا ناکەنەوە و بەشیان نادەن، جا کە کاتێك ئەم بڕیارە دڵڕەقانەیان دا و وایانزانی بەم کارەیان ماڵ و سامانەکەیان لە کەمبوونەوە دەپارێزن، بەڵام نەیانزانی ئەوەی ئەوان نەخشەیان بۆ داناوە شتێکە و ئەوەی خوداش نەخشەی بۆ کێشاوە شتێکی ترە، وەك دەفەرموێت : (فَطَافَ عَلَيْهَا طَائِفٌ مِنْ رَبِّكَ وَهُمْ نَائِمُونَ) واتە :جا کاتێك ئەوان لەخەودا بوون وپێش ئەوەی سبەینێ یەکی زوو بگەنە سەر مەزراکانیان خوای گەورە ئافات و بەڵایەکی نارده سەر بەربووم و کێڵگە وباخ و بێستانەکانیان وهیچ بەروبومێکی پێوە نەما و هەمووی سووتا و هەڵپروزا .

(فَأَصْبَحَتْ كَالصَّرِيمِ) هەروەك باخێکی لێهات کە بەروبوومەکەی چنرا بێت و هیچی پێوە نەما بێت، ئەمەش سزایەکی سەخت بوو بۆیان، ئەوان بەتەمای ئەوە بوون پێش ئەوەی هەژاران بگەنە لایان کاری خۆیانیان تەواو کردبێت و هەژاران و لێقەوماوان لێ بێ بەش بکەن، - چونکە وەك هەموو ساڵانێکی تر هەژاران دەیانویست بچنە لایان وئەوانیش وەك باوکی خێرۆمەندیان یارمەتیان بدەن، بەڵام چی کارەساتێکیان بینی - ؟!!!

(فَتَنَادَوْا مُصْبِحِينَ(21)أَنِ اغْدُوا عَلَى حَرْثِكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَارِمِينَ(22)) جا بۆ سبەینێیەکەی هەموویان یەکتریان ئاگادارکردەوە وبانگی یەکتریان کرد بۆ ئەوەی بەیەکەوە بچنە سەر مەزرا وکێڵگەکانیان ئەگەر ئامادەن وبڕیارە کە بچن بۆ ناو کێڵگەکانیان .

(فَانْطَلَقُوا وَهُمْ يَتَخَافَتُونَ (23) أَنْ لَا يَدْخُلَنَّهَا الْيَوْمَ عَلَيْكُمْ مِسْكِينٌ(24)) ئەوجا بەنهێنی و چرپە چرپەوە بۆ ئەوەی کەس هەست نەکات و پێیان نەزانێ هەموویان بەیەکەوە دەرچوون بەرەو مەزرا و کێڵگەکانیان بۆ ئەوەی ئەمڕۆ هیچ لە هەژاران ونەداران نەگەنە لایان وداوای خێر وصەدەقە ویارمەتیدانیان لێ نەکەن .

(وَغَدَوْا عَلَى حَرْدٍ قَادِرِينَ) جا سبەینێ بەو شێوەیەی نەخشەیان بۆ کێشابوو زوو بەرەو کێڵگە و مەزراکانیان بۆی دەرچوون .

(لَمَّا رَأَوْهَا قَالُوا إِنَّا لَضَالُّونَ(26) بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ(27)) جا كاتێك ئەو بەڵا و موصیبەتەیان بینی كە باخ و بێستان و كێڵگەكانیان ئافات لێی داوە و باوەڕیان نەكرد كە ئەوە باخ و بێستانەكەی خۆیان بێت و پێكەوە ووتیان نا ئەمە ئەو نیە بەڵكو ئێمە ڕێگامان هەڵەكردووە.

بەڵام پاش ئەوەی زانیان ودڵنیا بوون كە ڕێگایان هەڵە نەكردووە ئەوەی ئافات لێی داوە باخ و كێڵگەكانی خۆیانە، ووتیان : نەخێر وانیە بەڵكو ئێمە خۆمانی لێ بێ بەش و مەحروم كراین .

(قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ لَوْلَا تُسَبِّحُونَ) دوای ئەوەی خوای گەورە سزای دان برا ناوەنجیەكەیان پێی ووتن : من ئامۆژگاریم نەكردن وپێم نەوتن كەباشتر وایە تەسبیحات وشوكری خودا بكەن - و بگەڕێنەوە لەو نەخشەو پیلانەی كە داتان نابوو بۆ بێ بەشكردنی هەژاران - .

(قَالُوا سُبْحَانَ رَبِّنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ) كە زانیان هەڵەیان كردووە پەشیمان بوونەوە لەكارەكەیان و ووتیان : پاك وبێگەردی بۆ پەروەردگارمان بەڕاستی ئێمە كەسانێكی ستەمكار و زاڵم بووین – كاتیك بڕیارێكی لەو شێوەیەمان دا وویستمان هەژاران لێ بەش بكەین–

(فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَلَاوَمُونَ (30) قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا طَاغِينَ (31)) پاشان ڕوویان كرد یەكتر و لەسەر ئەو كارەی كە كردیان دەستیان كرد بە لۆمە وسەرزەنشتی یەكتركردن، و ئەیانووت وەیل و تیاچوون و نەمان بۆ ئێمە چ كارێكمان كرد بێگومان بەڕاستی ئێمە سەركەش و یاخی ولەڕێ لادەر بووین .

(عَسَى رَبُّنَا أَنْ يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِنْهَا إِنَّا إِلَى رَبِّنَا رَاغِبُونَ) – جا دوایی ئەوەی زانیان هەڵەیان كردوە تەوبەیان كرد – ووتیان بەڵكو پەروەردگارمان قەرەبووی لەناوچوونی باخ وبێستان و مەزراكانمان بەچاكتر بۆ بكاتەوە، بەڕاستی ئێمە بە هیوا وئومێدی ڕەزامەندی پەروەردگارمانین - كە دەرووی خێری خۆیمان لێ بكاتەوە - .

(كَذَلِكَ الْعَذَابُ وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ) ئائەوەش سزای خوای گەورە بوو بۆ خاوەن باخ و بێستانەكان كە چۆن كێڵگە و مەزراكانی لەناوبردن – جا لەبەر ئەوە با قورەیش وبێ باوەڕانی مەككەش چاك بزانن پەروەردگار زۆر بەدەسەڵاتە ئەتوانێ بەهەمان شێوە سزای خۆی بنێرێت بۆ سەر ئەوانیش – لەگەڵ ئەوەشدا سزای ڕۆژی دوایی زۆر گەورەترە لە سزای دونیا و تیاچوونی ماڵ وسامان ودرایی – ئەگەر ئەو خەڵكە بیر بكەنەوە و بزانن و هەست پێ بكەن .

جا كەوابوو باهەموو خاوەن ماڵ و داراییەك پێش ئەوەی پەروەردگار ماڵ و سامانەكەی لێ بسێنێتەوە، كەمێك بیر لە مردن و ناو گۆڕ و نارەحەتیە یەك لەدوایی یەكەكانی قیامەت بكاتەوە ودەستی پێش بخات لە ئاوەدانكردنەوەی پاشەڕۆژی خۆی، ئەویش بە خێر و صەدەقە و یارمەتی هەژار و هەتیوان، نەوەك خوانەخواستە كار لەكار بترازێت وئەوكاتەش ئاوات خواستن وخۆزگە هیچ سوودێكیان نەبێت .

بەئومێدی ئەوەی هەموو ئەو كەسانەی كە پەوەردگار نیعمەتی ماڵ و سامان و دەوڵەمەندی پێ بەخشیوون كەمێك بیر لەوە بكەنەوە كە هەرچی هەیانە هەمووی ئەمانەتی خوای گەورەیە لەدەستی ئەواندا ودەبێت لەڕێگای خێرو كاری باشدا صەرفی بكەن .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم